Available online at http://jgu.garmian.edu.krd

Journal of University of Garmian

https://doi.org/10.24271/garmian.22090208

# تایبەتمەندیی وکێشەکانی گەنجی زانکۆ توێژینەوەیەکی تیۆریی شیکارییە

کوێستان علی عبداللە

بەشی کۆمەڵناسی // کۆلێجی زانستە مرۆڤایەتییەکان // زانکۆی سلێمانی

پەیمان عبدالقادر مجید

بەشی کۆمەڵناسی // کۆلێجی زانستە مرۆڤایەتییەکان // زانکۆی سلێمانی

**پوختە**

کۆمەڵگاکان، بەپێی قۆناغەکانی تەمەن، پێکهاتوون لە چەند توێژێکی جیاواز کە ئەوانیش بەشێوەیەکی گشتی قۆناغی منداڵی و نەوجەوانیی و گەنجێتی و بەساڵاچوانن. کۆمەڵگای تەندروست ئەو کۆمەڵگایەیە کە دەزانێت چۆن مامەڵەی تەندروست و گونجاو لەگەڵ هەریەك لەم توێژانەدا دەکات بەو شێوەیەی کە بە قازانج بۆ کۆمەڵگا بگەڕێتەوە. چۆنیەتی ئەو مامەڵە کردنەش پەیوەستە بە ئاستی هەست کردن و زانینی کۆمەڵگا بە تایبەتمەندیی و خەسڵەتەکانی هەر یەکێك لەم توێژانەی نێو کۆمەڵگا. ئەم توێژینەوەیە تیشك دەخاتە سەر توێژی گەنجان، بەتایبەتی گەنجانی زانکۆ، ئەوەش بەو پێیەی کە توێژەر خۆی مامەڵەی راستەوخۆی رۆژانەی لەگەڵ ئەم توێژەدا هەیە لەنێو زانکۆدا وەك مامۆستا لە زانکۆ. هەربۆیە بەلای توێژەرەوە گرنگ بووە کە ئەم توێژەی گرنگەی کۆمەڵگا بە خوێنەر بناسێنێت. توێژینەوەکە وەسفێکی شیکاریی بۆ تایبەتمەندیی و خەسڵەتەکانی گەنجانی زانکۆ دەکات و دواتر تیشك دەخاتە سەر خواست و کێشەکانی گەنجانی زانکۆ و دواتر جێکەوتەی ژینگەی زانکۆ لەسەر خودی گەنجانی زانکۆ خراوەتە روو. لە کۆتاییشدا پوختە و چەند پێشنیارێك و سەرچاوەکان خراوەتە روو.

*Article Info*

Received: February,2022
Accepted : April,2022
Published :June ,2022

*Keywords*

تایبەتمەندیی، گەنجانی زانکۆ، زانکۆ، خوێندنی ئەکادیمی.

Corresponding Author

Kwestan.abdulla@univsul.edu.iq

**پێشەکی:**

گەنج بەشێکی گرنگی پێکهاتەی کۆمەڵگایە. هەر کۆمەڵگایەك رێژەی گەنجی زیاتر بێت و رۆڵی کارای خۆیان پێبدات ئەوا چاوەڕێی ئەوەی لێدەکرێت کە کۆمەڵگایەکی بەرهەمهێنەر و پێشکەوتوو بێت. هەرچەندە راو بۆچوونەکان جیاوازن سەبارەت بە دیاریکردنی تەمەنێکی دیاریکراو بۆ قۆناغی گەنجێتی، بەڵام دەتوانین ئەوە بڵێین کە بەشێوەیەکی گشتی خوێندکاران لە قۆناغی خوێندنی زانکۆدا بەزۆری لەتەمەنی گەنجیدان. هەربۆیە گەنجانی زانکۆ هەمان ئەو قسانەی بەسەردا دەچەسپێت کە بەسەر گەنجانیتردا دەچەسپێت، بەڵام هەندێک تایبەتمەندیتر هەیە کە تەنیا گەنجانی زانکۆ هەیانە، چونکە ئەوان لە ناوەندێکی زانستی و مەعریفیدا دەژین و خۆیان ئامادە دەکەن بۆ ئەوەی پێگەیەکی کۆمەڵایەتی بۆ خۆیان دیاری بکەن و هەست بە بەرپرسیارێتیەکی زیاتر بکەن لەئاستی کۆمەڵگادا، بەتایبەتی سەبارەت بە کێشەکانی کۆمەڵگا. ئەوەش وایان لێدەکات کە کۆمەڵێك تایبەتمەندیی خۆیان هەبێت و پلەی بەشداربوونیان لە چارەسەرکردنی کێشەکانی کۆمەڵگادا بەو پێیە دەپێورێت (Muzenda & Ethelia, 2013:16).

بەو پێیەی قۆناغی خوێندنی زانکۆیی قۆناغی ئامادەکردنی خوێندکارە بۆ چوونە نێو بازاڕی کار و پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری بە کۆمەڵگا لە دامودەزگا کۆمەڵایەتییەکانی کۆمەڵگادا، هەربۆیە پەیوەندی نێوان گەنج و زانکۆ، پەیوەندییەکی دوو جەمسەرە کە دەکرێت پەیوەندییەك بێت بە ئەرێنی بەسوودی کۆمەڵگا بشکێتەوە لەلایەك. وە لەلایەکی ترەوە بە نەرێنی بەسەر کۆمەڵگادا بشکێتەوە. ئامادەکردنی گەنجی زانکۆ بۆ چوونە نێو هەڵی کار و بازار پێویستی بە پلانی تایبەت و هەنگاوانی دروست هەیە بۆ چۆنیەتی گەیاندنی ئەو پەیامەی کە زانکۆ پێیەتی بۆ گەنجانی زانکۆ. پلان و هەنگاوی دروستیش کاتێك جێی خۆی دەگرێت کە پلان بۆ دارێژراو لەلایەن پلان رێژەوە بناسرێت و پەی بە تایبەتمەندیی و پێداویستی و کێشەکانی ببات.

ئەم توێژینەوەیە تیشك دەخاتە سەر بەشێك لەو تایبەتمەندیی و خەسڵەتانەی کە گەنجانی زانکۆ هەیانە و کاریگەریی ئەو تایبەتمەندییانە لەسەر گەنج خۆی لەلایەك و لەسەر زانکۆ و کۆمەڵگا لەلایەکی تر. هەروەها لەبەشێکی تری ئەم توێژینەوەیە ئاماژە بە خواست و پێداویستییەکانی گەنجانی زانکۆ کراوە کە بە لەبەرچاوگرتن و دابینکردنی ئەو خواست و پێداویستییانە لەلایەن کۆمەڵگا بە قازانج بۆ گەنج و کۆمەڵگا دەگەڕێتەوە. ئەمەش نەك تەنها لە تەمەنی گەنجێتیدا بەڵکو لە تەمەنی دواتریشدا بەسوود بۆ کەسەکە دەگەڕێتەوە. هەروەها بەو پێیەی کە گەنج وەك هەر توێژێکی تری کۆمەڵگا رووبەرووی کێشەی تایبەت بەخۆی دەبێتەوە، هەربۆیە ئەم توێژینەوەیە هەوڵ دەدات بەشێك لەو کێشانەی کە تایبەتە بە توێژی گەنجان بخاتە بەر باس و لێکۆڵینەوە. لەلایەکی ترەوە خوێندنی زانکۆیی و ژینگەی زانکۆ هەر لە رووی ژینگەی کۆمەڵایەتی، ژینگەی ئیداریی، ژینگەی ئەکادیمی، و ژینگەی پەروەردەییەوە هەریەکەیان کاریگەری تایبەت بە خۆیان هەیە لەسەر گەنجانی زانکۆ. لەم توێژینەوەیەدا باس لەو ژینگانە کراوە و ئەوە خراوەتە روو کە چۆن ئەم ژینگانە برەو بە گەنجی زانکۆیی دەدات.

گرنگترین ئەو پرسیارەی کە ئەم توێژینەوەیە دەیوروژێنێت ئەوەیە کە تایبەتمەندییەکانی گەنجی زانکۆ چۆن کاریگەریی لەسەر دابینکردنی پێداویستییەکان و کەمکردنەوەی کێشەهکان و کاریگەریی لەسەر ژینگەی زانکۆیی دەکات. بۆ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە، لەم توێژینەوەدا پشت بەستراوە بە میتۆدی وەسفیی شیکاریی بەو پێیەی میتۆدیکی زانستییە لە توێژینەوەی زانستە کۆمەڵایەتییەکاندا بەکاردەهێنرێت بۆ شیکردنەوەی دیاردەیەك و خستنەرووی ئەوەی کە لە واقیعدا هەیە سەبارەت بەو دیاردەیە (عبدالحمید، ٢٠٢٠: ٢١). توێژینەوەکە ئەو دەرەنجامە دەخاتەروو کە ناسینی تایبەتمەندییەکانی گەنجانی زانکۆ لەلایەن ستافی زانکۆ بەتایبەتی و کۆمەڵگا بەگشتی رێخۆشکەرە بۆ چۆنیەتی مامەڵەی دروست لەگەڵ ئەم توێژە گرنگەی کۆمەڵگا. کارایی و دینامیکی، ئارەزوی سەربەخۆبوون، توانای خۆگونجاندن لەگەڵ بیری نوێ، و ئارەزووی گۆڕینی واقیع ئەو تایبەتمەندییە گرنگانەن کە ئەم توێژینەوەیە پێی گەشتووە.

ناسینی ئەم تایبەتمەندییانە وا دەکات کە گەنجانی زانکۆ پێداویستی تەندروستی جەستەیی و ئەقڵی، پێداویستی دەروونی، پێداویستی رۆشنبیریی و مەعریفیی، و پێداویستی خۆشگوزەرانی لە هەرە پێداویستییە سەرەتاییەکانیان بێت. لەلایەکی ترەوە ئەم توێژینەوەیە گەشتووە بەو دەرەنجامەی کە گرنگترین کێشەکانی بریتین لە بێکاریی، بێبەشبوون لە بەشداری سیاسی و کۆمەڵایەتی، کەمی داهات و سەرچاوە.

ئەم توێژینەوەیە، سەرەرای بوونی پێشەکی و کۆتایی و راسپاردەکان، دابەشکراوە بەسەر چەند بابەتێکی جۆراوجۆرەوە؛ لە دوای پێشەکی هەریەك لە کێشەی توێژینەوەکە، گرنگی توێژینەوەکە، ئامانجی توێژینەوەکە، و میتۆدی توێژینەوەکە خراوەتەروو. دواتر پێناسە بۆ چەمکە بەکارهاتووەکانی نێو توێژینەوەکە کراوە و پاشان توێژینەوەکە دێتە سەر باسی تایبەتمەندیی و خەسڵەتەکانی توێژی گەنجان لەناو زانکۆدا، دواتر باس لە خواست و کێشەکانی گەنجانی زانکۆ کراوە. لەکۆتاییدا جێکەوتەی ژینگەی زانکۆیی لەسەر گەنجانی زانکۆ خراوەتەروو.

**گرفتی توێژینەوەکە:**

دەستپێکی هەرتوێژینەوەیەك بریتیە لەبوونی کێشەیەك، دیاردەیەك یان بابەتێک، کەسەرنجی توێژەری ڕاکێشاوە و بیرو هزری داگیر کردووە، بەجۆرێك کە توێژینەوە کردن دەربارەی بە گرنگ و پێویست دەزانێت، بۆ ئەمەش ئەو کێشە یان دیاردەیە لەژێر ناوی کێشەی توێژینەوە بەشێوەی پرسیار دەخاتەڕوو، هەوڵدەدات لە میانەی توێژینەوەکەی بەشێوەیەکی زانستی و ئەکادیمی بگاتە وەڵامی ئەو پرسیارانە .

گرفتی توێژینەوە لەوەدا خۆی دەبینێتەوە کە دەیەوێت تیشك بخاتە سەر ئەو خەسڵەتانەی کە توێژی گەنجان لە زانکۆدا پێوەی دەناسرێنەوە و هەروەها چۆنیەتی کاریگەریی ئەو خەسڵەتانە لەسەر گەنج خۆی وەك کەسایەتی و دواتر کاریگەریی لەسەر زانکۆ و دواجاریش لەسەر کۆمەڵگا بەگشتی. هەروەها ئەم توێژینەوەیە دەیەوێت تیشکێك بخاتە سەر کاریگەریی بوونی کێشەی گەنجانی زانکۆ لەسەر ئاست و ئەدای خوێندنی ئەکادیمی و دواجاریش کاریگەریی نەرێنی ئەو حاڵەتە لەسەر چەندێتی و چۆنیەتی خزمەتگوزاری پیشەیی و زانستی پێشکەشکراو بە کۆمەڵگا. هەروەها گرنگیدان بە ژینگەی زانکۆیی بەشێکی تری ئەو گرفتەیە کە ئەم توێژینەوەیە دەیەوێت لەبارەیەوە بدوێت.

**گرنگی توێژینەوەکە:**

بێگومان هەر توێژینەوەیەک کەئەنجام دەدرێت گرنگی و بایەخی تایبەتی خۆی هەیە، ئەم توێژینەوەیەش وەک هەر توێژینەوەیەکی دیکە چەندین گرنگی هەیە، لەو گرنگیانەش :

١. لایەنی تیۆری توێژینەوەکە تیشک دەخاتە سەر کۆکردنەوەو زیادکردنی زانیاری بەشێوەیەکی تیۆری شیکاریی قسە لەسەر تایبەتمەندیی و خەسڵەتەکانی گەنجانی زانکۆ بۆئەوەی بگات بە کۆمەڵێ دەرئەنجامی تیۆری لەسەر بابەتەکە. هەروەها هەوڵدانێکە بۆ خستنەرووی گرنگی ئەم توێژە لە گەنجان بۆ کۆمەڵگای کوردیی. پێکهاتە و تیۆرەکانی و بەستنەوەیان بە خوێندکارانی زانکۆوە، کە دەبێتە سەرچاوەیەکی زانستی لەو بوارەدا، لە کاتێکدا توێژینەوە لەم بوارەدا و بەتایبەت بە زمانی کوردی زۆر کەمە ( ئەوەندەی توێژەر زانیاری هەبێت) .

٢. بەهۆی ئەو دەرئەنجامانی توێژینەوەکە پێی دەگات، پێزان دەبین بە تایبەتمەندیی و خەسڵەتەکانی لای گەنجانی زانکۆ.

٣. دەرئەنجام و ڕاسپاردە و پێشنیازەکانی توێژینەوەکەوە دەبنە هاوکاری زانکۆ لە پەرەدان و کارکردن و گرنگیدانی بەم بوارە، لەبەرئەوەی گەنجانی زانکۆ هێشتا لەتەمەنێکدان ئەتوانرێت ئاراستەبکرێن بۆ چەسپاندنی ڕەفتاری دروست و سوودمەند لە کەسێتیاندا .

٤. بۆ مامۆستایانی زانکۆ گرنگە، لەبەرئەوەی ڕۆژانە پەیوەندی بەردەوام لە نێوان مامۆستایان و خوێندکاراندا هەیە و ئەو پەیوەندیەش ڕەنگدانەوەی لەسەر ڕەفتاری لای خوێندکاران دروست دەکات ، ئەمەش هاندەر دەبێت بۆ مامۆستایانی زانکۆ تا گرنگی زیاتر بە گەنجانی زانکۆ بدەن وئاگاداری کێشە وگیروگرفتیان بن.

٥. بۆ ئەو ڕێکخراو و دامەزراوانەی لە بواری گەنجدا کار دەکەن گرنگە، چونکە دەتوانن سوود لەدەرئەنجامەکانی ئەم توێژینەوەیە وەربگرن بۆ زانینی تایبەتمەندیی و خەسڵەتەکانی گەنجانی زانکۆ وەک توێژێکی گەنج و کارکردنیان بۆ گرنگی دان بەم توێژە.

**ئامانجی توێژینەوەکە:**

هەرتوێژینەوەیەك ئامانجی تایبەتی خۆی هەیە و ئەو ئامانجانە لەلایەن توێژەرەوە دیاری دەکرێت بەهۆی ئەو پرسیارانەی کە لای توێژەر گەڵاڵە بووە، ئەو ئامانجانەش دەبنە بەرچاو ڕوونیەك بۆ توێژەر لەچۆنیەتی ئەنجامدانی توێژینەوەکەی و کۆکردنەوەی زانیاریەکان دەربارەی و گرتنەبەری ڕێوشوێنە زانستیەکانی دیکەی توێژینەوە، ئەم توێژینەوەیەش وەك هەر توێژینەوەیکی دیکە ئامانجی تایبەتی خۆی هەیەئەم توێژینەوەیە هەوڵ دەدات کۆمەڵێك ئامانج بەدی بهێنێت لەوانە؛

١- خستنەرووی ئەو خەسڵەتانەی گەنجانی زانکۆ کە کاریگەریی لەسەر خوێندنی ئەکادیمی زانکۆیی دروست دەکات.

٢- دەرخستنی کاریگەریی زانکۆ لەسەر گەنجانی زانکۆ.

٣- دۆزینەوەی ڕێگا چارەسەر بۆ کەمکردنەوەی کێشەکانی گەنجان لەپێناو کەمکردنەوەی کاریگەریی ئەو کێشانە لەسەر خودی گەنج خۆی بەتایبەتی و لەسەر کۆمەڵگا بە گشتی.

**میتۆدی توێژینەوەکە:**

ئەم توێژینەوەیە میتۆدی وەسفی شیکاریی هەڵبژاردووە، بەو پێیەی میتۆدی وەسفی شیکاریی میتۆدێکی زانستییە بەکاردەهێنرێت لە توێژینەوەی کۆمەڵایەتیدا بۆ لێکۆڵینەوە لە دیاردە و کێشە کۆمەڵایەتییەکان لەڕێگای وەسفی دیاردەکە یاخود کێشەکە بەشێوەیەکی زانستی، پاشان گەشتن بە شیکردنەوەی لۆجیکی لەسەر بنەمای خستنەرووی بەڵگەی زانستی کە تیایدا توێژەر میتۆدی وەسفی شیکاریی تیۆری بەکارهێناوە دەتوانێت چوارچێوەی دیاردەکە یاخود کێشەکە دیاری بکات و بگاتە کۆمەڵێك دەرەنجام و ڕاسپاردە.

لەم توێژینەوەیەدا تیشك خراوەتە سەر خەسڵەتە زانراوەکانی توێژی گەنجان لەناو زانکۆ، تا لەڕێیەوە وەسف و شیکارێکی زانستی بکات بۆ گرنگی ئەو خەسڵەتانە لەماوەی خوێندنی زانکۆیی بەدەستی هێناوە.

**پێناسەی چەمکەکان:**

دەستنیشانکردنی چەمکەکان و پێناسەکردنیان هاوکاردەبێت بۆ زیاتر ڕوونبونەوەی ئامانجی توێژینەوە و مانا و مەبەستی توێژەر لای خوێنەرانی، چونکە دەکرێت چەمکێك بۆ چەندین مانا و مەبەست بەکاربهێنرێت، لەبەرئەوە بەپێی جیاوازی کۆمەڵگە و کات و بواری توێژینەوە مانای چەمکەکانیش دەگۆڕێت، بۆ ئەم مەبەستەش سوود لەو پێناسانە وەردەگیرێت، کەپێشتر لەلایەن توێژەران و پسپۆڕانی بوارەکە کراوە و توێژەر ئەو پێناسانە بۆ چەمکەکانی هەڵدەبژێرێت کەنزیکترین لە مەبەست و ئامانجی توێژینەوەکەیەوە .

**تایبەتمەندیی (Characteristics):** بریتییە لەو وەسفەی کە شتێك یا کەسێك یا گروپێکی پێ جیادەکرێتەوە لە ئەوانی دی. زۆرجار بەشێوەی کۆ (تایبەتمەندییەکان) بەکاردەهێنرێت بۆ شتێك یا گروپێك یا کەسێك بەو پێیەی ئەو شتە یا ئەو گروپە یا ئەو کەسە چەندین تایبەتمەندیی لەخۆ دەگرێت لە یەك کاتتدا (Cambridge Dictionary, 2021:32). ئەم تایبەتمەندییە هاوکاری بینەر یا خوێنەر دەکات بۆ ناسینەوەی شت، کەس، یاخود گروپەکە و بەوهۆیەشەوە ئامرازی گونجاو بەکاردەهێنێت بۆ چۆنیەتی مامەڵەکردن لەگەڵ ئەو شتە، ئەو کەسە، یاخود ئەو گروپە.

**گەنج (Youth):** بەو قۆناغە لە ژیانی مرۆڤایەتی دەوترێت کە مرۆڤ تیایدا تارادەیەك بەبەراورد بە قۆناغەکانی ژیانی پێشتر و دواتر وەز و توانایەکی زیاتر هەیە بۆ ئەنجامدانی ئەرك و هەڵگرتنی بەرپرسیارێتی توانای بەرهەمهێنانی زیاتر دەبێت لە کۆمەڵگادا. هەرچەندە ڕای جیاواز هەیە سەبارەت بە دیاریکردنی تەمەنی گەنجێتی بەڵام نەتەوەیەکگرتووەکان بە مەبەستی کۆکردنەوەی ئامار و زانیارییەکان تەمەنی گەنجێتی دیاریکردووە بە تەمەنی نێوان ١٥ – ٢٥ ساڵ . لەگەڵ ئەوەشدا لەچەندین وڵاتی تر تەمەنی گەنجێتی لە تەمەنی نێوان ٢٥ – ٣٥ ساڵ دیاریکراوە (العمر، ٢٠٢٠: ١٢١). لەم توێژینەوەدا پێناسەی گەنج بەو کەسانە هاتووە کە لە قۆناغی زانکۆدان و بەشێوەیەکی گشتی گەنجان لە قۆناغی زانکۆدا لە کوردستاندا لە تەمەنی نێوان ١٩ – ٢٢ ساڵیدان.

**زانکۆ (University):** دامەزراوەیەکی کۆمەڵگاییە کە تیایدا خوێندکار لەدوای تەواوکردنی خوێندنی بنەرەتی و ئامادەیی تایبەتمەندیی وەردەگرێت لە بوارێك لە بوارە زانستیی و پیشەییەکان تا زیاتر تیایدا سەرقاڵ و ئامادە بکرێت لەپێناو بەکارهێنانی ئەو زانست و پیشەیە لەدوای تەواوکردنی خوێندن بە مەبەستی سوودی کەسی و کۆمەڵگایی لە کۆمەڵگادا. زانکۆ توانای پێدانی پلەی دەرچوونی ئەکادیمی هەیە بەو کەسانەی کە پەیوەندی

پێوە دەکەن و لەبوارێکی تایبەتدا پیشەیی بوون وەردەگرن (Britannica, 2020: 6). زانکۆ بەوە ناسراوە کە شێوازی خوێندن تیادا شێوازێکی ئەکادیمی هەیە کە زانستەکان بەشێوەکی توێژینەوەیی و پراکتیکی دەخوێنرێت. ئەم دامەزراوەیە لە زۆربەی وڵاتە گەشەسەندووەکاندا بەزۆری لەلایەن حکومەتە دەبرێت بەڕێوە سەرەڕای بوونی زانکۆ تایبەتیش، لەکاتێکدا لە وڵاتە پێشکەوتووەکاندا زۆربەی زانکۆکان لەلایەن کەرتی تایبەتەوە دەبرێت بەڕێوە.

**گەنجانی زانکۆ (University Youth):** ئەو توێژە کۆمەڵگاییە کە تەمەنیان بەشێوەیەکی گشتی لەنێوان ١٩ – ٢٢ ساڵدایە و لە دامەزراوەی زانکۆ خوێندنی ئەکادیمی خۆیان بەردەوام پێدەدەن لە بەشە جیاوازەکانی زانکۆ لەپێناو بەدەستهێنانی پلەی ئەکادیمیی و بەکارهێنانی ئەو پلە ئەکادیمییە بەشێوەیەکی پیشەیی لە دامەزراوە کۆمەڵایەتییەکانی کۆمەڵگادا (الشمری، ٢٠١٣: ٣١٢). هەرچەندە لەنێو خوێندنی ئەکادیمیدا توێژی تری تەمەن هەن کە لەسەروو تەمەن ٢٢ ساڵەوەن بەڵام لەم توێژینەوەیەدا زیاتر مەبەست لە تەمەنی ١٩ – ٢٢ ساڵە بەوپێیەی بەشێوەیەکی گشتی لە هەرێمی کوردستان ئەو تەمەنە لە خوێندنی زانکۆیی دایە.

**خوێندنی ئەکادیمی (Academic Study):** بریتییە لەو جۆرە خوێندنەی کە بەشێوەیەکی زانستی لە زانکۆکاندا دەخوێنرێت و تایبەتە بە ناوەندەکان زانکۆ. ئەم جۆرە خوێندنە بەوە ناسراوە کە میتۆدی زانستی تایبەت بەکاردەهێنرێت بۆ تێگەیشتن لە زانستە کۆمەڵایەتی و مرۆڤایەتی و سروشتییەکان. لە خوێندنی ئەکادیمیدا بوونی توێژینەوەی زانستی لە هەرە پایە سەرەکییەکانە کە دەتوانرێت بەکاربهێنرێت بۆ گەیشتن بە زانیاری و لێکۆڵینەوە لە دیاردە کۆمەڵایەتی و سروشتییەکان (Collins, 2021:11).

**یەکەم/ تایبەتمەندیی و خەسڵەتەکانی گەنجانی زانکۆ**

ناسین و ناساندنی هەر شت و کەس و گروپێك لەروانگەی ئەو تایبەتمەندییانەوە دەبێت کە بووەتە بەشێك لە پێکهاتەی ئەو شتە یا کەسایەتی ئەو کەسە یاخود خەسڵەتی ئەو گروپە. گەنجانی زانکۆ وەك بەشێکی چالاك و خاوەن وزە لە کۆمەڵگادا هەڵگری چەندین تایبەتمەندین کە دەتوانرێت بەپێی ئەو تایبەتمەندییانە بناسرێنەوە لەپێناو مامەڵەی تەندروست و پێدانی ماف و ئەرکی گونجاو بەخۆیان لە کۆمەڵگادا. لەبارەی گەنجەوە، وەك توێژێکی کۆمەڵایەتی، بەشێوەیەکی گشتی دوو بۆچوونی جیاواز لەنێو زانایانی بواری کۆمەڵایەتی ئاماژەی پێدەدرێت. بەشێکیان لەو روانگەوە قسەی لێدەکات کە گەنج خۆی بۆ خۆی مەترسییە لەسەر کۆمەڵگا لەرووی بڵاوبوونەوەی تاوان و بەکارهێنانی مادده هۆشبەرەکان وەك نمونە، بەشەکەی تر لە زانایان قسە لەسەر مەترسیەکان دەکات بۆ سەر گەنجان خۆیان وەك بێکاریی و تەواونەکردنی خوێندن وەك نمونە. واتە مەترسی لە گەنجان و مەترسی بۆ گەنجان (Nilan, 2017: 2). هەربۆیە ناسینی تایبەتمەندییەکانی گەنجان گرنگە بۆ ئەوەی بزانین گەنجان مەترسین یاخود مەترسیان لەسەرە. بەشێوەیەکی گشتی لەم بەشەدا گرنگترین و بەشێك لەو تایبەتمەندییانە ئاماژە پێدەدەین.

**لە گرنگترین ئەو تایبەتمەندییانەش ئەمانەن:**

١- کارایی و دینامیکی: کارایی لەوەوە سەرچاوە دەگرێت کە گەنجانی زانکۆ دەگەنە قۆناغێکی ئەوتۆ لە کامڵبوونی بایۆلۆژی و فسیۆلۆژی لەلایەك و گەشەی دەروونیی و کۆمەڵایەتی لەلایەکی ترەوە. قۆناغی خوێندنی زانکۆیی دەکەوێتە کۆتایی تەمەنی نەوجەوانیی و سەرەتای تەمەنی گەنجییەوە. بۆیە لەو قۆناغەدا بەشێوەیەکی بەرچاو نزیکبوونەوە لە قۆناغی کامڵ بوون و دورکەوتنەوە لە قۆناغی هەرزەکاری دەردەکەوێت، ئەوە بێجگە لەوەی ئەم قۆناغە ئامادەگیە ئەقڵیەکان و ئاست و ئارەزووەکانی دەردەکەون. قۆناغی گەنجێتی بەوە ناسراوە کە بەشێوەیەکی گشتی پرچێژترین و خۆشترین قۆناغی تەمەنی مرۆڤە، کە تیایدا مرۆڤ لەو تەمەنەدا جوڵە و وزەیەکی زیاتری هەیە بۆ کارکردن و بەرهەمهێنان لەچاو قۆناغەکانی پێشتر و دواتری گەنجێتیدا. ئەمەشە وا دەکات کە زۆربەی ئەرکە قورسەکان لەلایەن گەنجانەوە جێبەجێدەکرێت بەتایبەت ئەوانەی کە ئەرکی پراکتیکی و پێویستی بە جوڵە و بزواندن هەیە (الحقبانی، ٢٠١٠: ١٥). کارایی گەنجی زانکۆ لەو حەماسەت و هەستەوە دروست دەبێت کە لەناخیدا دەوروژێت بۆ خۆبەرەوپێشبردن لە سێکتەرەکانی کارکردن لە کۆمەڵگادا. کاتێك گەنجی زانکۆ دەبینێت کە سێکتەرێك لە سێکتەرەکانی کۆمەڵگا پێویستی بە پڕکردنەوە و کارکردنە تیایدا، ئەوا بە جۆش و خرۆشەوە پەنا دەبات بۆ پڕکردنەوەی ئەو بۆشاییە. کارە خۆبەخشییەکانی گەنجان بەگشتی و گەنجانی زانکۆ بەتایبەتی لە سێکتەرە جۆراوجۆرەکانی کۆمەڵگادا ئاماژەیە بۆ بوونی ئەو جۆش و خرۆشە و حەز و خولیا لەپێناو پێشکەشکردنی توانا و وزەی خۆیان بۆ خزمەتی کۆمەڵگا (وفا، ٢٠٢١: ١٣٧).

٢- ئارەزووی سەربەخۆبوون و هەوڵدان بۆ ڕزگاربوون لە فشارو شێوەکانی خۆسەپێنی کۆمەڵایەتی: هەوڵدان بۆ دەربازبوون لەهەر شێوەیەك لەشێوەکانی فشاری سەپێنراو بۆ ئەوەی گوزارشت لە خۆی بکات و هەست بە ئازادی بکات. ژیانی زانکۆیی و تێکەڵاوبوون بە دونیایەکی جیاواز و مانەوە لە نێو بەشە ناوخۆیی وا دەکات لە گەنجی زانکۆ کە جۆرێك لە سەربەخۆیی بەدەست بهێنێت و هەست بە کرانەوەیەکی جیاواز بکات لە دەرەوەی ئەو خێزانەی کە پێشتر تیایدا ماوەتەوە و پشتی پێ بەستووە بۆ جێبەجێکردنی ئەرك و کارەکانی ڕۆژانەی. ئەوان لە خوێندنی زانکۆیاندا فێری ئەوە دەبن کە ئەو بەهایانەی لە ناو خێزاندا وەریان گرتوە بەس نیە و ناگونجێت لەگەڵ پێدراوەکانی واقیعەکەیاندا، ئەوەش پاڵیان پێوە دەنێت بۆ بەریەککەوتن لەگەڵ ئەو واقیعەی تیایدا دەژین.

جێی ئاماژەیە کە فشارە کۆمەڵایەتییەکان لەهەر کۆمەڵگایەکدا کاریگەریی و ڕەنگدانەوەی نەرێنی خۆی هەیە لەسەر ڕەفتار و هەڵسوکەوتی کۆمەڵایەتی گەنجان بەگشتی و گەنجانی زانکۆ بەتایبەتی. ئەوەش بەهۆی ئەوەی فشارە کۆمەڵایەتییەکان پەیوەندی ڕاستەوخۆی بە شێوازی ژیانی تاك و چەندێتی و چۆنیەتی کۆنترۆڵکردنی ژینگەی دەوروبەری خۆیەوە هەیە لەڕێی چالاکی و توانا و بەهرە جۆراوجۆرەکانیەوە. (الزبیدی، ٢٠١٨: ٣)

٣- بوونی کلتورێکی گەنجانە کە لەنێو توێژی گەنجانی زانکۆ بڵاو دەبێتەوە: ئەوەش کە ئەم کلتورە بەرهەم دێنێت چەند ڕەگەزێک کە سروشتی جهانییان هەیە، وەك هەڵاوسانی قەبارەی توێژی گەنجان لە جهاندا. دەبینین لە زۆربەی کۆمەڵگەکانی وڵاتانی گەشەکردوو پێشکەوتوو توێژی گەنجان زۆرینەی کۆمەڵگە پێکدێنن. ئەمە وێرای ئەوەی بەجهانیبوون بۆتە هۆی تێکەڵبوونی کلتوورەکان و زیادبوونی تێکەڵی لەنێوان وڵاتانی جهاندا، وەک ئەوەی جهان بووبێتە گوندێکی بچوك. لەم دواییەدا جهان بەتەواوەتی لەیەکتر نزیک بۆتەوە ئەوەش بەهۆی شۆڕشی تەکنەلۆژیەوە و گەیاندنن و پەیوەندیکردن و و کۆمپیوتەر و ئینتەرنێتەوە و میدیاوە. هەموو ئەمانە جهانیان کردووە بەیەک و وایکردووە کلتوورەکان بەئاسانی بەیەکتر بگەن،

ئەوەش وایکردووە گەنجانی زانکۆ لەگەڵ زۆرێك لە کلتوورەکاندا بەئاسانی تێکەڵ ببن و بکەونە ژێر کاریگەری کلتووره جۆراوجۆرەکانەوە (Muzenda & Ethelia, 2013:17).

٤- توانای وەرگرتنی بیروبۆچوونی نویّ: جۆش و خرۆشی گەنجانی زانکۆ بۆ وەرگرتنی بۆچوونی نویّ و خوێندنەوەی تازە بۆ واقیعی سەردەمی خۆیان، وایان لێدەکات زیاتر هزری تازە وەربگرن. هەربۆیە دەبینین هزرە تازەکان بەخێرایی لەناو گەنجاندا بڵاو دەبێتەوە بەتایبەتی گەنجانی زانکۆ. بەمەش زۆربەی ڕەوتە فیکریەکان هەوڵ دەدەن گەنجان بەلای خۆیاندا ڕابکێشن.

٥- توانای کارکردن لەگەڵ پێکهاتەکانی کۆمەڵگەدا: کاتێک گەنجانی زانکۆ کۆمەڵێک ڕۆڵ دەبینن لە پێگەی کۆمەڵایەتی خۆیانەوە لەناو خێزان و زانکۆ و دامەزراوە کۆمەڵایەتییەکانی تردا، لەوێوە دەتوانین بڵێین کە گەنجانی زانکۆ وزەیەکی دینامیکی کاریگەریان هەیە تا بەرزترین ئاست. دەکرێت ئەم توانایە بەکاربهێنرێت بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ کێشە کۆمەڵگەییەکاندا بە کارلێکردنی ئیجابیانە لەگەڵ توێژەکانیتری کۆمەڵگەدا.

٦- ڕای تایبەتی گەنجانی زانکۆ لە ئاست کێشە کۆمەڵگەییەکاندا: گەنجانی زانکۆ لەبەرئەوەی حەزیان بە سەربەخۆییە و دەیانەوێت خۆیان بسەلمێنن و ڕای تایبەتی خۆیان هەبێت لەسەر بابەتە هەستیارەکانی سەردەمی ڕۆژگاری خۆیان، هەربۆیە ڕەنگە نیگایەکەی سەردەمیانەیان هەبێت کە پشتبەستوو بێت بە میکانیزمە پێشکەوتووەکانی تەنز بۆ بەرەنگاربوونەوەی کێشە هەنووکەییەکان.

٧- ئارەزووی گۆڕینی واقیع: سەردەمی ئێستا بە سەردەمی گۆڕانکارییە خێراکان ناسراوە. هەربۆیە هەر کۆمەڵگا و توێژێك وەڵامدانەوەی خێرای نەبێت بۆ ئەو گۆڕانکارییانە ئەوا کاریگەری نەرێنی لەسەر دروست دەکات. وەڵامدانەوەی کۆمەڵگا بۆ گۆڕانکارییە خێراکان بە دوو شێواز دەبێت؛ شێوازێکیان خۆگونجاندنە لەگەڵ ئەو گۆڕانکارییە و قبوڵ کردنەیەتی، شێوازەکەی تریان بریتییە لە دانانی پلانی گونجاو بۆ چۆنیەتی ڕووبەڕووبوونەوەی ئەو گۆڕانکارییەی کە کۆمەڵگا پێی وایە زیانی بۆ تاکەکانی کۆمەڵگا هەیە (العرجان، ٢٠٠٨: ٢). بۆ ئەمەش گەنجانی زانکۆ توانای ئەوەیان هەیە وەڵامی گۆڕانکاریەکانی دەوروبەریان بدەنەوە و بابەتە هەنووکەیی و نوێیەکان وەربگرن و ئاواتی ئەوەیان هەیە کە ئەو واقیعەی تیایدا دەژین بیگۆڕن (کنعان، ٢٠٠٤: ١٥٢). بەهۆی حەز و ویستە زۆرەکانی گەنجان لەپێناو دابینکردنی پاشەڕۆژێکی باشتر بۆ خۆیان و خێزان و کۆمەڵگایان، پرسی گۆڕانکاری و هەوڵدان بۆ گۆڕانکاری پرسێکی ئامادە و بەردەوامە لەلای گەنجانی زانکۆ. لە ئەنجامی ئەو خوێندنە ئەکادیمیە و ئەو ئەزموونەی لە ماوەی چوار ساڵی خوێندنی زانکۆ بەدەستی دەهێنن و بە خوێندنەوەی ئەو واقیعەی کە تیایدا دەژین، زۆرێك لە گەنجانی زانکۆ چاویان لەوەیە کە چۆن چاوەڕوان و دەستەوسان نەبن بەدیار گرفت و چەقبەستوویی کۆمەڵگاوە. بۆ ئەمەش دەبینین ڕێکخراوە کۆمەڵگایی و پارتە سیاسییەکان لە زۆربەی وڵاتاندا پەنا بۆ بەدەستهێنانی دەنگ و ڕای گەنجان دەبەن تا لەڕێی ئەوانەوەی گۆڕانکاری سیاسی و کۆمەڵایەتی ئەنجام بدرێت و بێتە بوون (وفا، ٢٠٢١: ١١٨).

لەوەی رابوورد ڕوون دەبێتەوە کە نابێت پێناسی گەنجانی زانکۆ هەر بەگوێرەی پێناسی کۆن بکرێت کە پێیوایە گەنجانی زانکۆ قۆناغێکی تەمەنەو لەچوارچێوەی ئەو قۆناغەدا چەند دیاردەیەکی گەنجانی زانکۆ دەردەکەوێت، بەڵکو دەبێت ئەو دیدە بگۆڕین بە دیدێکی پێشکەوتوتر کە گەنجی زانکۆیی وەك تاك و کۆمەڵ کۆمەڵێک تایبەتمەندیی و سیفەتی فسیۆلۆژی و دەروونی و کۆمەڵایەتیی هەیە.

**دووەم/ پێداویستییەکانی گەنجانی زانکۆ**

گەنجان بەردی بناغەی کۆمەڵگەن و کاریگەرترین سەرچاوەی مرۆیین بۆ بەرهەمهێنان. ئەوان خاوەنی هێزو تواناو وزەو کارامەیی و ئەزموونن کە پشت بەخۆیان دەبەستن لەکاتی کارکردن و بەرهەمهێناندا. گەنجان، بەتایبەت گەنجانی زانکۆ، خواست و ئارەزووی تایبەت بەخۆیان هەیە کە کار دەکەن بۆ بەدیهێنانی. ئەگەر کۆمەڵگا ئەو خواست و ئارەزووانە فەراهەم نەکات و ئاسانکاری بۆ نەکات ئەوا جۆرێک لە تێکچوون و نیگەرانی و دڵتەنگی و بێزاریی لای ئەو گەنجە دروست دەبێت کە کاریگەریی نەرێنی لەسەر ژیانی ڕۆژانەی خۆی بەتایبەتی و کۆمەڵگا بە گشتی دروست دەکات.

بۆ زانینی تواناو ئامادەییەکانی گەنجانی زانکۆ بۆ ئاوێتەکردنیان لەنێو کاری کۆمەڵگایی لە چالاکییە کۆمەڵایەتی و سیاسی و پەرەپێدانەکان، دەبێت کۆمەڵگا بەئاگا بێت لە خواست و پێداویستییە جۆراوجۆرەکانی گەنجانی زانکۆ و هەوڵ بدات کە ئەم خواست و پێداویستییانە ڕەچاو بکات لەکاتی دانانی پلانی ستراتیژی بۆ بەرێوەبردنی کۆمەڵگا لەپێناو دابینکردنیان. دەبێت ئەوەش بزانرێت کە جۆری خواست و پێداویستییەکانی گەنجانی زانکۆ بەپێی سەردەم و کۆمەڵگا و کلتور و ژینگەی دەوروبەر و ئاستی ئابوری و ڕۆشنبیریی و سیاسی و ئاینداری دەگۆڕێت (وفا، ٢٠٢١: ١١٩). بۆ نمونە ئەو خواست و پێداویستییانەی کە گەنجێکی زانکۆ لە وڵاتە ڕۆژئاواییەکان هەیەتی جیاوازە لەو خواست و پێداویستییانەی کە گەنجێکی زانکۆ لە وڵاتانی ڕۆژهەڵات هەیەتی. ئەو خواست و پێداویستییانەی گەنجێکی پەروەردەکراو لە کۆمەڵگایەکی دینداری موسوڵمان هەیەتی جیاوازە لەو خواست و پێداویستییانەی گەنجێکی نادینی و دوور لە دینداری هەیەتی. بەدیهێنانی خواستەکانی گەنجان لەلایەن کۆمەڵگاوە دەبێتە هۆی ئەوەی کە گەنج هەست بە بوونی خۆی بکات و پێگەی خۆی لەکۆمەڵگەدا بدۆزێتەوە. زۆرێك لە لێکۆڵینەوە و توێژینەوە کۆمەڵایەتییەکان بایەخیان داوە بە خواستەکانی گەنجانی زانکۆ.

پوختەی ئەو توێژینەوانە کۆمەڵێك خواست و پێداویستی گەنجانیان ئاماژە پێداوە کە لێرەدا بەشێك لەو خواستانە دەخەینە ڕوو: (أبو شعيرة، ٢٠١٤: ١٦٧)

**أ-پێداویستی تەندروستی جەستەیی و ئەقڵیی:**

بریتین لەو پێداویستییانەی کە هۆکارن بۆ پاراستنی ژیان و جەستە و تەندروستی و خۆپاراستن لە نەخۆشی و لاوازیی و بێهێزیی. ئەو پێداویستییانەش وەك (پێویستبوونی خواردن و خواردنەوە و چاودێری تەندروستی گونجاو و وەرزش و بایەخدان بە جەستە بەشێوەیەکی گشتی). لەمانە گرنگتر پێداویستی عەقڵی و ژیرییە کە گەنجی بەهۆیەوە دەتوانێت بەرنامەی ژیانی دابڕێژێت و ڕێرەوی بەدیهێنانی خواست و ئارەزووەکانی بدۆزێتەوە. گرنگی تەندروستی جەستەیی و عەقڵی نەك تەنها لە تەمەنی گەنجێتیدا بەسوود دەگەڕێتەوە بۆ گەنجی زانکۆ، بەڵکو ئەو گەنجانەی کە لە تەمەنی گەنجێتیدا جەستە و عەقڵێکی تەندروستیان هەیە لە تەمەنی بەساڵاچوونیشدا زیاتر بەئاگا و چالاکترن. (Zastrow, 2014: 456)

**ب-پێداویستی دەروونی:**

ئەو پێداویستیانەیە کە تایبەتن بە دەروون دروستی گەنجان و بەدیهێنانی هاوسەنگیی دەروونی و کۆمەڵایەتی لە کۆمەڵگەدا. لە گرنگترین ئەو پێداویستیانەش ئەمانەن:

١- پێویستی خۆسەلماندن و هەستکردن بەسەربەخۆیی. ئەم پێویستییە لە خێزانەوە دەست پێدەکات. خێزان یەکەمین دامەزراوەی کۆمەڵایەتییە کە دەتوانێت ئەم پێداویستییە دابین بکات. کە ئەمەش کاری پێشتری خێزانی دەوێت هەر لە منداڵیەوە ئەندامانی خێزان راپهێنێت لەسەر سەربەخۆبوون و خۆسەلماندن.

٢- پێویستی خۆشەویستی و پەسەندێتی و قەبوڵکردن لەلایەن خەڵکانیترەوە، بەتایبەت لەدەرەوەی خێزان. پەسەندکردن لەلایەن کۆمەڵگاوە وا دەکات کە گەنج بتوانێت ئینتیمای بۆ خاك و وڵات و کۆمەڵگاکەی هەبێت. بەشێك لە هۆکارەکانی بەجێهێشتنی وڵات لەلایەن گەنجانەوە دەگەڕێتەوە بۆ نەبوون و پڕنەکردنەوەی ئەم پێداویستییە لەلایەن کۆمەڵگا و بریاربەدەستانی وڵاتەوە.

٣- پێویستی بڕوانامەو سەرکەوتن. گەنجی زانکۆ بۆیە بەردەوام دەبێت لە خوێندنی زانکۆیی تا بتوانێت بڕوانامەیەکی شایستە بەدەست بهێنێت تا دواتر ئەو بڕوانامەیە بەکاربهێنێت بۆ بەدەستهێنانی کاری پیشەیی لەبوارەکەی خۆیدا.

٤- پێویستی بە ئاسایش و کەمکردنەوەی دڵەڕاوکێ و شڵەژاوی کە بەهۆی بیرکردنەوە لە ئایندە توشی گەنجان دەبێت. هۆکارێکی تری بەجێهێشتنی وڵات لەلایەن گەنجانەوە دەگەڕێتەوە بۆ نەبوونی ئەم پێداویستییە. کاتێك گەنجی زانکۆیی وڵاتێکی دیاریکراوە هەست دەکات کە پاشەڕۆژی خۆی و کۆمەڵگاکەی روون نییە و هەست بە دڵەڕاوکێ دەکات سەبارەت بە چارەنووسی دوای تەواوکردنی خوێندن ئەوا ئەو کات بۆ دابینکردنی پاشەڕۆژی خۆی و خێزانەکەی پەنا بۆ کۆچکردن دەبات و وڵات و خاك و نیشتیمانی خۆی بەجێدەهێڵێت.

**ج-پێداویستی رۆشنبیری و مەعریفی:**

واتە پێداویستی پەیوەست بە پڕکردنەوەی ئارەزووی رۆشنبیری و مەعریفی و خوێندن و رێزگرتن لە راوبۆچوونەکانی گەنج. وەک ئەمانەی خوارەوە: (علاونة، ٢٠١٧: ١٩٣)

١-پێویستی بەوەرگرتنی زانست و زانیاری و ئەزموونی زانستی.

٢-پێویستی دەستەبەرکردنی بەرنامەی رۆشنبیری.

٣-پێویستی تێگەیشتن و رێزگرتن لە بۆچوونەکانی لەلایەن گەورانەوە.

د-پێویستی کۆمەڵایەتی: ئەو پێویستیانەن کە پەیوەستن بە ژیانی کۆمەڵایەتی وەك دەستکەوتنی کار و پێکهێنانی خێزان و چوونە ناو کۆمەڵ و گروپی سیاسی و پیشەیی و کۆمەڵایەتی و بەشداریکردن لە بریاردان و قسەکردن لەسەر بابەتە هەنووکەیی و کێشە و کێشەکانی کۆمەڵگەدا.

**هـ-پێداویستی خۆشگوزەرانی:**

ئەو پێداویستیانەن کە پەیوەستن بە تێرکردنی خولیاکانی گەنجان و پاراستنیان لە لەلادان و بەسەربردنی کاتی بێکاریی بەشێوەیەکی دروست وەك:

١-ئەنجامدانی خولیاکان و یاری و چالاکی رۆشنبیری و کۆمەڵایەتی و هونەری.

٢-هەبوونی دامەزراوە و شوێنی گونجاو کە گەنجان بتوانن خولیاکانی خۆیانی تێدا بەرجەستە بکەن و کاتی بێ ئیشییان لەو شوێنانەدا بەسەر بەرن.

٣-هەبوونی کەسانی پسپۆڕ بۆ هاوکاریکردنی گەنجان لە پەیڕەوکردنی خولیاکانی خۆیان و بەسەربردنی کاتی بێ ئیشییان.

**سێیەم/ کێشەکانی گەنجانی زانکۆ**

کێشە، بەتایبەتی کێشە کۆمەڵایەتییەکان، بریتییە لەو حاڵەت و هەلومەرجە کۆمەڵایەتییانەی هەڕەشە لە ئارامیی کۆمەڵگە دەکەن. واتە ئەو حاڵەتانەی کە ڕوبەڕووی کۆمەڵگەو تاك دەبێتەوە و کۆمەڵگەو سیستەمە کۆمەڵایەتیەکەی توانای ڕێگری لێکردن و بەرەنگاربوونەوەیان نییە و کاریگەری دەبێت لەسەر زۆرێك لە ئەندامانی کۆمەڵگا (Widdison & Delamey, 2008: 2). کێشەی گەنجانیش ڕەوشێک و حاڵەتێکی نەخوازراوی کۆمەڵایەتیە کە دەبێتە هۆی لێکترازانی کۆمەڵایەتی. هەروەها پاساوێکە بۆ گۆڕانکاری بەهۆی چەندین ڕەفتاری خراپ یان ململانێی کۆمەڵایەتی لە کۆمەڵگەدا. کێشەی کۆمەڵایەتی لەنێو کۆمەڵگادا بەو مانایە دێت کە تاکەکان ناتوانن بە ئاسانیی پەیوەندییە کۆمەڵایەتیەکانیان ڕێکبخەن و ئەنجامی بدەن. ئەو کێشانەش وادەخوازێت کە چارەسەریان بۆ بدۆزرێتەوە.

گەنجانیش، بەتایبەت گەنجانی زانکۆ، وەك هەر توێژێکی کۆمەڵایەتی لە کۆمەڵگادا کێشەی تایبەت بە خۆیان هەیە کە لەماوەی ژیانی گەنجێتیدا ڕووبەڕووی دەبنەوە و ئاستەنگ بۆ بەرەوپێشچوون و هاتنەدی خولیا و ئارەزووەکانیان دروست دەکات. ئەو کێشە دەروونی و کۆمەڵایەتییانەی کە ڕووبەڕووی گەنجانی زانکۆ دەبێتەوە کاریگەریی بەرچاوی هەیە لەسەر ئاستی خوێندن و خۆگونجاندن و پێشکەوتنی لایەنی ئەکادیمی و بەدیهێنانی خواست و ئاواتی خوێندکاری زانکۆ.

گەنجانی زانکۆ توشی چەندین کێشەی دەرونی دەبن ، وەك: ترس لە شکست لە خوێندن و ژیان، هەست بە نیگەرانی و لەکاتێکدا بیر لە ئایندە دەکەنەوە، تەرکیزنەکردن و بێئاگایی.هەر بۆیە توێژەریش لەبەر رۆشنای ئەم توێژینەوەیەوە شلۆڤەی چەندکێشەیەکی تری کرد و لە ڕووی تیۆریەوە شیکاری بۆ کردوە وەک ئەمانەی خوارەوە:-

**١-کێشەی بێکاری:**

هەڵکشانی ڕێژەی بێکاری لەنێوان گەنجاندا دەبێتە هۆی تێکچوونی ئارامیی کۆمەڵگە. نەبوونی سەرچاوەی داهات دەبێتە هۆی ئەوەی گەنج نەتوانێت خواستە بنەڕەتیەکانی خۆی بەدەست بهێنێت وەك خواردن و خورادنەوە و جلوبەرگ. هەموو ئەوانەش سەردەکێشێت بۆ سەرهەڵدانی توندوتیژی و لاوازبوونی ئینتیمای نیشتمانیی. ترس لە تووشبوون بە کێشەی بێکاریی لەدوای تەواوکردنی خوێندن یەکێکە لە کێشە سەرەکییەکانی گەنجانی زانکۆ کە بەردەوام لەماوەی قۆناغەکانی خوێندندا گەنجانی زانکۆ پێوەی دەناڵێنن. بەپێی توێژینەوەیەکی مەیدانی لەلایەن (أسعد ویس الشمری). لەوەڵامی ریزبەندیی بۆ ئەو کێشانەی ڕووبەڕووی خوێندکارانی ئەو زانکۆیە دەبێتەوە ، ترس لە بێکاریی لە پلەی یەکەمدا بووە بەشێوەیەك نزیکەی( ٧٧%)ی خوێندکارانی وەرگیراو لەو توێژینەوەیە بێکاریان لە ریزبەندی (کێشەیەکی گەورە) داناوە لەوەڵامی راپرسییەکەدا هەر وەک لەخشتەی ڕاپرسیەکەدا هاتوە بڕوانە نەخشەی(٢) (الشمری، ٢٠١٣: ٣١٧).

**٢-کێشەی نارۆشنبیری و رۆڵی کۆمەڵایەتی و پیشەیی**

بەشێك لە گەنجانی زانكۆ كێشەی نەبوونی ڕۆشنبیرییەكی تۆكمەیان هەیە كە بتوانن خۆیان بپارێزن لە هەڵە تێگەیشتن لە بابەتە هەنووكەییەكانی ڕۆژگاری خۆیان. ئەمەش وا دەكات كە نەتوانن وەك پێویست ڕۆڵی كۆمەڵایەتی و پیشەیی خۆیان لەنێو كۆمەڵگادا بگێڕن. ئەمەش وایان لێدەكات كە هەست بە نیگەرانی بكەن سەبارەت بەوەی كە ناتوانن ئەو ڕۆڵە ببینن. بەشێك لە ڕێگرییەكانیش دەگەڕێتەوە بۆ كۆنترۆڵ كردنی جومگەكانی دەسەڵاتی ئیداری و سیاسی لەلایەن گەورەكانەوە كە ڕێگری دەكەن لەوەی گەنج ڕۆڵی خۆی و ئەركی خۆی لە كۆمەڵگادا ئەدا بكات.

**٣- كێشەی بێبەشبوون لە بەشداریكردنی كۆمەڵایەتی و سیاسی:**

نەبوونی ستراتیژێكی ڕوون وایكردووە گەنجانی زانكۆ نەتوانن بەشێوەیەكی كارا بەشداربن لە پرۆسەی كۆمەڵایەتی و سیاسیدا بەڵكو كاتێک سیستمی سیاسی هەوڵ دەدات رای خۆی بسەپێنێت بەسەر گەنجدا، بەتایبەتی گەنجانی زانكۆ، و ناهێڵێت بەشداری بكات لەو ڕێكخستن و بەرنامانەی تازە دامەزرێنراون ئەوەش وایكردوە گەنجانێكی زۆر دوور بكەونەوە لەكاری سیاسی و كۆمەڵایەتی.

**٤-كێشەی تێرنەبوونی خواستە بنەڕەتیەكان:**

بەهۆی بەرزبوونەوی بژێوی و لەبەر چەندین هۆی دەرەكی و ناوخۆیی، گەنجان ڕووبەڕووی واقیعێكی ئابوری خراپ دەبنەوە كە ناتوانن ئاوات و خولیاكانیان بێننە دی. گەنجانی زانكۆ دوای دەرچوونیان لە زانكۆ ڕووبەڕووی چەندین ئاستەنگی ئابوری دەبنەوەو ناتوانن خێزان پێک بێنن و پێگەی كۆمەڵایەتی خۆیان دیاری بكەن و كێشەی ئابوری سەختی وەك كێشەی گەیاندن و خواردن و نیشتەجێبوون دێتە ڕێیان.

**٥- كێشەی دەستبەتاڵی:**

كێشەی دەستبەتاڵی، یاخود بوونی كاتی بێكاری و دەستبەتاڵی، یەكێكە لەو كێشانەی كە زۆربەی توێژینەوەكان جەختی لەسەر دەكەنەوە بەوەی كە زۆرێك لە گەنجانی زانكۆ ڕووبەڕووی دەبنەوە. بەهۆی ئەوەی كە گەنج بە سروشتی خۆی وزە و توانایەكی زیاتری هەیە بۆ جوڵە و خۆخەریكردن بە چالاكی جۆراوجۆرەوە هەربۆیە نەبوونی پلانێكی گونجاو بەردەست نەبوونی پێداویستی و خزمەتگوزاریە تەرفیهی و سەرگەرمییەكان وا دەكات كە گەنجی زانكۆ ڕووبەڕووی ئەم كێشە ببێتەوە (الحقبانی، ٢٠١٠: ٣٦).

ئەم حاڵەتە بەزۆری لەكاتی پشووی هاویندا بەدی دەكرێت كاتێك خوێندنی زانكۆ كۆتایی دێت و گەنجی زانكۆ لەچاوەڕوانی ساڵێكی نوێی خوێندندایە بۆ دەست كردنەوە بە خوێندن. كەمی ماوەی پشووی هاوین و خۆ یەكلاكردنەوەی گەنجی زانكۆ بۆ تەواوكردنی خوێندنی زانكۆیی وا دەكات كە گەنجی زانكۆ لەو ماوەیەدا توانای بەدەستهێنانی كار یا پیشەیەكی نەبێت بەو پێیەی كە دواجار لەكۆتایی پشووی هاویندا خوێندن دەست پێدەكاتەوە. هەربۆیە زۆرێك لە گەنجانی زانكۆ ئەم ماوەیە وەك دەست بەتاڵییەك بەری دەكەن.زیانەكانی ئەم دەست بەتاڵییە تەنها بەوە ناوەستێتەوە كە كاتێكی زۆر لە گەنجانی زانكۆ دەڕوات، بەڵكو زیانەكان زۆرجار پەل دەهاون بۆ كێشەی زیاتر. لەو زیانانەش كە لە ئەنجامی دەستبەتاڵی سەرهەڵ دەدەن؛ دروستبوونی جۆرێك لە گوێ پێنەدان و ئیهمالی لەناخی گەنجی زانكۆدا بەوەی كە گرنگی نەدات بە جدییەت بوون و ئیستیغلالكردنی چانسەكان لەپێناو برەودانی بە لایەنی كەسێتی و كۆمەڵایەتی و ئەكادیمی خۆی. هەروەها دەستبەتاڵی ڕەنگە پەل بهاوێت بۆ ئەنجامدانی تاوان و كاری نەشیاو ئەوەش بە تێوەگلان لەگەڵ هاوڕێ و گروپی جۆراوجۆر لە نێو بازاڕ و كافتریا و چاخانە و شوێنە گشتییەكاندا. كە تووشی تاوانە جۆراوجۆرەكانیان بكەن. (الحقبانی، ٢٠١٠ .: ٣٦ - ٣٧)

لەگەڵ ئەوەشدا بەشێك لە گەنجانی زانكۆ، ئەگەر چی بەرێژەیەكی كەمیش بێت، ئەم كاتە پڕدەكەنەوە بە چەندین چالاكی جۆراوجۆر وەك بەشداریكردنی لە خول و پەیوەندی كردن بە كاری خۆبەخشی و هەندێكیش ئامادەكاری دەكەن بۆ خوێندنی ساڵی نوێ.

**٦- كێشەی كەمی داهات و سەرچاوەی دارایی:**

بەو پێیەی خواستە مادیی و پێداویستییە ڕۆژانەییەكان ڕۆژبەرۆژ لە زیادبووندان، هەربۆیە گەنجانی زانكۆش وەك هەر توێژێك لە توێژەكانی كۆمەڵگا ئارەزووی بەدەستهێنانی ئەو پێداویستییانە دەكەن و لەو پێناوەشدا هەوڵی بۆ دەدەن. كێشە گەورەكە لەو كاتەدا قوڵ دەبێتەوە كاتێك گەنجی زانكۆ بەشێوەیەكی گشتی خاوەنی داهات و سەرچاوەی دارایی تایبەت بە خۆیان نییە و بەهۆی بەردەوام بوونیان لە خوێندن و چنگ نەكەوتنی كار هەموو پشتبەستنێكیان بە دارایی و سەرچاوەی داهاتی خێزانەكانیانە. ئەمەش لەكاتێكدا كە خێزان خۆی بۆ خۆی كێشەی دارایی جۆراوجۆر ڕووبەڕووی دەبێتەوە كە ڕەنگە لە هەندێ حاڵەتدا نەتوانێت پێداویستییەكانی خوێندكارەكەی دابین بكات. بیركردنەوە لە چۆنیەتی دابینكردنی ئەم پێداویستییانە و سەرقاڵ بوون بەوەی كە چ ڕێگایەك بدۆزێتەوە بۆ فەراهەم هێنانی پێداویستییەكان وا دەكات لە گەنجی زانكۆ كە نەتوانێت وەك پێویست برەو بدات بە ئاستی ئەكادیمی و پیشەیی خۆی. ئەمەش دواتر ڕەنگدانەوەی نەرێنی دەبێت لەسەر داهاتووی پیشەیی و كاری ڕۆژانەی لە جێبەجێكردنی ئەرك و بەرپرسیارێتییەكان. (الحقبانی، ٢٠١٠: ٥٥ - ٥٦).

**چوارەم/ جێكەوتەی ژینگەی زانكۆیی لەسەر گەنجانی زانكۆ**

زانكۆ بەگرنگترین دەزگای خوێندنی باڵا دادەنرێت لەهەر كۆمەڵگایەكدا. گرنگی زانكۆ لەوەدا خۆی دەبینێتەوە كەوا وزەدارترین توێژی كۆمەڵگا لەخۆی دەگرێت كە ئەویش توێژی گەنجانە. هەربۆیە زانكۆ بە كاریگەرترین دەزگای كۆمەڵگایی دادەنرێت لە كۆمەڵگادا. زانكۆ خەونی هەر گەنجێكە. لە زانكۆ كەسایەتی گەنج دروست دەبێت و گەنج لەناو زانكۆدا هەست بە بوونی خۆی دەكات. دروست بوونی كەسایەتی بۆ گەنجی زانكۆ لەڕێی ئەو خوێندنە ئەكادیمیەوە دروست دەبێت كە گەنجی زانكۆ لەماوەی چوار ساڵی خوێندنیدا سەرقاڵی دەبێت. زانكۆ هەوڵ دەدات كۆمەڵگە پێش بخات بە پەرەپێدانی وزەی گەنجان و لەسەر هەموو ئاستەكانی پسپۆڕی و ئەكادیمی. ڕۆڵی زانكۆ زۆر گرنگە لە دروستكردنی نەوەكانی داهاتوو بەتایبەتی كاتێک زانكۆ پەیوەست دەبێت بە ژیانی كۆمەڵایەتیەوە. كەواتە دەبێت زانكۆ ژینگەیەك بێت نەك تەنها بۆ فێركردنی زانست و وەرگرتنی زانیاری، بەڵكو دەبێت ژینگەیەكیش بێت بۆ پەروەردەكردن وپارێزگاریكردن لە دیسپلینە كۆمەڵایەتیەكان و بەهاكان. لێرەوە دەبینین خوێندنی باڵا و دەزگاكانی بایەخێكی زۆریان پێدراوە لەلایەن وڵاتانی پێشكەوتوو و

گەشەکردووەکانیشەوە ئەویش بەدەستەبەرکردنی زانکۆی باش بۆ گەنجانی زانکۆ.

لێرەوە دەتوانین ژینگەی زانکۆ دابەش بکەین بۆ چەند بەشێك کە گرنگترینیان ئەمانە؛ ژینگەی کۆمەڵایەتیی، ژینگەی ئیداریی، ژینگەی ئەکادیمیی، و ژینگەی پەروەردەیی. هەریەك لەم ژینگانە رۆڵی بەرچاوی خۆیان هەیە لە پێگەیاندنی گەنجانی زانکۆ و هەمووشیان پێکەوە وەك یەك پاکێج بوونیادی کەسایەتی گەنجان دەکەن. ژینگەی کۆمەڵایەتی کار لەسەر ئەوە دەکات کە خوێندکار چۆن بتوانێت لەگەڵ ژینگەی دەوروبەری هەڵبکات و تێکەڵاوی و کارلێك لەنێوان ئەو و دەوروبەریدا دروست ببێت. ئەمەش لە رێی ئەو چالاکی و تێکەڵاوییە کۆمەڵایەتییانە دروست دەبێت کە لەزانکۆدا ئەنجام دەدرێت. بۆ نمونە ژینگەی کافتریای زانکۆ جۆرێك لە رۆڵی ئەرێنی دەگێڕێت لەوە کە بەشێوەیەك لە شێوەکان گەنجان پێکەوە کۆ دەکاتەوە و بەیەکتریان دەناسێنێت. لەوەش گرنگتر بەو پێیەی زانکۆ لە چەندین ناوچەی جۆراوجۆرەوە گەنجان رووی تێدەکەن هەربۆیە جۆرێك لە تێکەڵاوی و ناسینی کلتووره جیاوازەکان لە شار و شارۆچکە جیاوازەکانەوە لەیەك شوێنی وەك زانکۆ کۆدەبنەوە و لە ساڵی یەکەمدا یەکتر ناسین روودەدات. دەبێت ئەوەشمان لەبیر نەچێت کە ژینگەی کۆمەڵایەتی زانکۆ لە هەندێ حاڵەتدا بووەتە جێگای یەکترناسینی کوڕان و کچان کە تیایدا لە هەندێ حاڵەتدا بە هاوسەرگیریی کرتایی هاتووە. هەروەها لە هەندێ حاڵەتدا ناسینی کوران و کچانی زانکۆ دەبێتە هۆی ناسینی خێزانیی و لەو رێیەوە تێکەڵاوی دروست دەبێت کە لە هەندێ حاڵەتیشدا ئەم یەکترناسین و تێکەڵاوییە لەدوای تەواوکردنی خوێندنیش هەر بەردەوام دەبێت.

ژینگەی ئیداریی زانکۆش لەوەدا رۆڵ دەبینێت کە گەنجانی زانکۆ رێك دەخات بەپێی بەشە جیاوازەکان و گروپ و پۆلە جیاوازەکان و ئەرکی رێکخستنی چۆنیەتی دەوامکردنی گەنجان لەخۆ دەگرێت. ئەم ژینگەیە خوێندکار فێر دەکات کە چۆن لە ژیانی خۆیدا پابەند بێت لە رێنمایی و یاساکان و رەچاوی رێنماییە ئیدارییەکانی بکات. ئەمەش وا دەکات گەنجانی زانکۆ بە ئاگابن لەو ماف و ئەرکانەی کە لەسەرشانیانە لەماوەی خوێندنی زانکۆییدا.

ژینگەی ئەکادیمیی بە گرنگترین ئامانجی زانکۆ دادەنرێت. لەم ژینگەیەدا گەنجانی زانکۆ لەرێی ئەو پرۆگرامە زانستییەوە بەردەوام دەبن لە خوێندن کە هاریکاریان دەبێت لەدوای تەواوکردنی خوێندن بۆ بەجێگەیاندنی ئەرکی وەزیفی و زانستی سەرشانیان. ژینگەی ئەکادیمی پێکهاتووە لە پرۆگرامی خوێندن و ئەو مامۆستایانەی کە ئەو پرۆگرامە خوێندنە دەڵێنەوە. هەربۆیە بوونی پرۆگرامی سەردەمیانە و مامۆستای شارەزا لەبورای تایبەت بەخۆی، کاریگەریی ئەرێنی دەبێت لەسەر چۆنیەتی مامەڵەکردنی خوێندکار لەگەڵ ئەو زانستەی فێری بووە لەدوای تەواوکردنی خوێندن. بەهۆی ئەوەی گۆڕانکارییەکانی سەردەم بەخێرایی دەگوزەرێت هەربۆیە زۆر گرنگە ستافی زانکۆ بە تایبەتی و دامەزراوەی خوێندنی باڵا بە گشتی هەمیشە لە بیری ئەوەدا بن کە چۆن برەو بە پرۆگرامەکانی خوێندن دەدەن. ئەمە لەدواتردا بە قازانج بۆ سەر کۆمەڵگا دەگەڕێتەوە.

ژینگەی پەروەردەیی زانکۆ ئەو ژینگەیە کە گەنجی زانکۆ تیایدا فێری بەها باڵاکان و رێسا و یاساکان دەبێت. هەربۆیە لەگەڵ ئەوەی کە مامۆستا ئەرکی فێرکردنی ئەکادیمی لەسەرە دەبێت خۆی بۆ ئەوەش ئامادە بکات کە مامۆستایەکی پەروەردەکاریش بێت بۆ خوێندکارەکانی. بەڵام لەگەڵ پێشکەوتن تەکنۆلۆژیا و بڵاوبوونەوەی نێت و سۆشیال میدیا، ئەم ژینگە پەروەردەییە لە دوولایەنەوە کاری تێکراوە؛ لایەنێکی ئەرێنی کە زۆرێك لە میکانیزمە زانستییەکانی خستۆتە بەردەستی گەنجان. لەلایەکی ترەوە لایەنێکی نەرێنی دروستکردووە ئەوەش بەوەی کە بەشێك لە گەنجانی زانکۆ بەهۆی ئینتەرنێت و سۆشیاڵ میدیاوە لە خۆرۆشنبیرکردن و بەدەستهێنانی زانیاری زانستی دوورکەوتوونەتەوە و سەرقاڵی کۆمەڵێك بابەتی لاوەکین کە دواجار لەدوای تەواوکردنی خوێندن سوودێکی ئەوتۆی نییە بۆ ئەو پیشەیەی کە بریاری کرای تیایدا بکەن و خزمەت بە کۆمەڵگا بکەن (عمران، ٢٠٠٠).

ژینگەی پەروەردەیی زانکۆ دەتوانێت هۆکارێکی باش بێت بۆ کەمکردنەوەی رەفتاری توندوتیژیی گەنجانی زانکۆ ئەوەش بە کردنەوەی خول و سیمیناری جۆراوجۆر لەسەر چۆنیەتی مامەڵە و رەفتاری گەنجان لەگەڵ یەکتر لەنێو زانکۆ و لەدەرەوەی زانکۆ.

گرنگی زانکۆ لەوەدایە بتوانێت پارێزگاری بکات لە ناسنامەی کۆمەڵگە، چونکە گرنگترین توێژی کۆمەڵگە لەخۆدەگرێت کە توێژی گەنجانە. زانکۆ ئامرازێکە لەئامرازەکانی پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی و کەلتووری و سیاسی و ئابوری، بەتایبەتی ئەگەر کەشێکی لەباری هەبێت بۆ ئامادەکردنیان. زانکۆ بریتییە لە دەزگایەکی پەروەردەیی زانستیی رێکخراو، کە لەلوتکەی پرۆسەی خوێندن و فێرکردندایە. زانکۆ تاك لەرووی پیشەیی و ئەنجامدانی توێژینەوەی زانستیی و ئەکادیمی ئامادە دەکات لەپێناو خزمەتکردنی کۆمەڵگا لەدوای تەواوکردنی خوێندن. (حنفی، ٢٠٠٣)

ژینگەی زانکۆ بریتیە لە ژینگەیەک کە خوێندکار تێیدا دەژی و کارلێکی لەگەڵ دەکات. خوێندکار بەدرێژایی خوێندن لەژێر کاریگەری زانکۆدا دەبێت و بیرکردنەوەیەکی ئیجابی یان سەلبی بەرامبەر دەزگای خوێندن وەردەگرێت. هەروەها بیرکردنەوە و سەرنجی تایبەتی خۆی بەرامبەر کۆمەڵگەو سیاسەتی گشتی لەژێر ئەو کاریگەریەدا بۆ دروست دەبێت. ژینگەی زانکۆ لەکۆمەڵێک بابەتی مادی و مرۆیی پێکدێت کە دەوری خوێندکاریان داوە. بابەتە مادییەکان بریتین لە بینای زانکۆ و تەکنۆلۆژیای نێو زانکۆ، بابەتە مرۆییەکانیش وەك ئیدارەو چالاکیەکان و بەرنامە و مەنهەجی خوێندن و ئەو ئامرازانەی هزرو رەفتاری خوێندکاران ئاراستە دەکەن بەشێوەیەك خزمەت بە پرۆسەی خوێندن بکات و هزر و رەفتاری خوێندکار گەشە پێبدات.

مافەکانی خوێندکارانی زانکۆپێویستی بە وەرگرتنی خوێندکاران لە بەشەکانی زانکۆ بەویستی خۆی و بەومەرجەی بگونجێت لەگەڵ یاساکانی وەرگرتنی خوێندکاراندا . باجی زانکۆ بدرێتە خوێندکاران تا بتوانێت سوود لە خزمەتگوزاریەکانی زانکۆ وەربگرن و تیایدا ئاماژە بەڕێنمایی و بڕیار و یاساکانی زانکۆ بدرێت لەپێناو ئاشناکردنیان بەو زانیاریان .خوێندکاران بتوانن لەگەڵ مامۆستاکانیان گفتوگۆی زانستی و مەعریفی بکەن .دەستەی وانە بێژی پابەندبن بەکاتی وانەکان و کاتی کتێبخانە و پشوودانی نێوان وانەکان و فەرامۆش نەکردنی وانەکان یان نەگۆڕینی کاتەکانی تەنها لەکاتی زۆر پێویستدا نەبێت .وەڵامی نموونەیی پرسیاری تاقیکردنەوەی وەرزەکانیان پێبدرێت . ئەو وانانەی خوێندیانە و بۆ تاقیکردنەوەکان ئەرکە لەسەریان پێیان بدرێت .

پاراستنی زانیاری تایبەت و نهێنی کەسی خوێندکاران . ئەو رێنماییانەی تایبەتن بە سەرپێچیەکانی خوێندکاران پێش ئەوەی بڕیاری کۆتایی لەسەر بدرێت بڵاوبکرێتەوە و رێگا بدرێت بە خوێندکاران وتووێژ و گفتوگۆ دەربارەی بکەن و

پاشان بڕیاری کۆتایی لەسەر بدرێت بەمەرجێك گونجاو بێت لەگەڵ ڕێنماییەکانی زانکۆ .ئازادی پێدانیان بۆ گفتوگۆکردنی ئەکادیمی و زانستی و پەروەردەی تایبەتە بە خوێندکاران، لەسنوری ڕەفتاری بنیادنەر و گونجاو لەگەڵ سیستەم و ڕێنماییەکانی زانکۆ .بە ڕێنمای و یاساکانی زانکۆ ئاشنایان بکەن، بە پێدانی کۆپیەکی لاپەڕەیی یان (C.D)سەبارەت بە ئەرك و مافەکانیان، یان دانانی لە وێب سایتی ئەلەکترۆنی زانکۆ . بەڵگەنامەی دەرچوون بە خوێندکاران بدرێت دوای تەواوکردنی زانکۆ بەپێی ڕێنمایی .ئاسایشی جەستەیی و دەروونی پارێزراو بێت لە زانکۆدا بنکەی تەندروستی لەزانکۆکاندا هەبێت و کاری پشکنین و چارەسەرکردنی تیادا ئەنجامبدرێ ئەو خوێندکارانەی خاوەن پێداویستی تایبەتن هاوکاری بکرێن بە پێی توانای زانکۆ . هەلیان بۆ برەخسێت تا بەشدار بن لەخولی ڕاهێنان و گەشت و چالاکی و کاری خۆبەخشی بەجۆرێك زیان بە ئەرکی ئەکادیمیان نەگەیەنێت . بەشی ناوخۆیی و سەرجەم پێداویستیکانیان بۆ دابینبکرێت و ڕێنمایەکانی بەشە ناوخۆیەکان یشیان پێبدرێت .زانکۆ ژینگەی گونجاوی خوێندن بۆ خوێندکارانی زانکۆ برەخسێنێت .

## دەرەنجام :

ئەم توێژینەوەیە ئەوەی خستەروو کە گەنجانی زانکۆ بەهۆی ئەو تایبەتمەندییانەی کە هەیانە دەتوانن کلیلی گۆڕانکاریی بن لە هەر کۆمەڵگایەکدا بە مەرجێك کۆمەڵگا بتوانێت خوێندنەوەی دروست و ڕۆڵی گونجاو بدات بە گەنجان. ناسین و تێگەیشتن لە پێداویستییە جۆراوجۆرەکانی گەنجانی زانکۆ لەلایەن ستافی دامەزراوەی خوێندنی باڵا بە تایبەتی و کۆمەڵگا بە گشتی دەبێتە هۆی زانینی چۆنیەتی مامەڵەکردن لەگەڵ ئەم توێژە کاریگەر و ئەکتیڤەی نێو کۆمەڵگا. خوێندنی زانکۆیی وا دەکات کە گەنجانی زانکۆ بتوانن ڕۆشنبیرییەکی تارادەیەك گونجاو بەدەست بهێنن تا لە ژیانی ڕۆژانەدا وەك پیشەیەکی زانستی و ئەکادیمی بەکاریبهێنن بۆ سوودی خۆیان و کۆمەڵگایان. ئەوەش خرایە ڕوو کە گەنجانی زانکۆ وەك هەر توێژێکی تری کۆمەڵگا خاوەن کێشەی تایبەت بەخۆی هەیە کە ناسینی ئەو کێشانە لەلایەن گەنجی زانکۆ خۆیەوە لەلایەك وا دەکات کە بتوانێت ڕێگای گونجاو هەڵگرێت بۆ چۆنیەتی ڕووبەڕووبوونەوەی، لەلایەکی ترەوە کۆمەڵگا دەتوانێت کاریگەرییەکانی ئەو کێشانە لەسەر گەنجانی زانکۆ کەم بکاتەوە کە ئەوەش بەسوود بۆ کۆمەڵگا دەگەڕێتەوە. هاوکات خوێندکاری زانکۆش ئەندامێکە لەئەندامانی زانکۆ و لە ناو زانکۆدا لە پێگەی خوێندکاریدایە، هەربۆیە پێوستی دەکات خوێندکاران هەوڵ بدەن پێزان و هۆشیاربن بە ئەرک و بەرپرسیارێتی بەرامبەر خۆیان و زانکۆ و کۆمەڵگە، لە هەمان کاتدا لەسەر زانکۆ دەبێتە ئەرک خوێندکاران هۆشیار بکاتەوە سەبارەت به ئەرک و پەرپرسیارێتیە یان و ئامادەیان بکات بۆ لەئەستۆگرتنی ئەو بەرپرسیارێتیانە، بەم کارەی لەلایەکەوە سەنگ و قورسیایی ڕۆڵی زانکۆ لە کۆمەڵگەدا دەردەکەوێت و ئەو بەرپرسیارێتیە گەورەیەی زانکۆ لەئەستۆیەتی بەرامبەر کۆمەڵگە جێبەجی دەکات، لەلایەکی دیکەوە کۆمەڵێک گەنج بۆ داهاتوو ئامادە دەکات کە هەر پێگەیەک و هەربەرپرسیارێتیەکان لەسەر شان بێت بێ کەم و کورتی و بەوپەڕی تواناوە جێبەجێی دەکەن و دەبنە هاوڵاتیەکی دروست و سوودمەند بۆ خۆیان و زانکۆ و کۆمەڵگە .

هاوکات ئەو دۆخەی کە کۆمەڵگەی کوردی تیادایە و پڕە لە قەیرانی کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئابووری و کولتووری، وایکردووە ئامادەکردنی نەوەیەک زەرورەتێکی گرنگی کۆمەڵگەی کوردیە، تا بتوانن لە داهاتوودا ئەو قەیرانانە تێپەڕێنن و کار بۆ باشترکردنی دۆخەکە بکەن، هەروەها هەوڵ بۆ پێکەوە ژیان و بەرەوپێشچوون بدەن و کار بۆ زاڵ بوون بەسەر ئەو ڕێگریانەدا بکەن کەدێنە بەردەمیان بۆ گەیشتن بە ئامانجە باڵاکانی کۆمەڵگە .هەروەها لە توێژینەوەکەدا جێکەوتە و کاریگەریی خوێندنی زانکۆ لەسەر گەنجانی زانکۆ خراوەتە ڕوو.

## ڕاسپاردەکان وپێشنیارەکان

١- گرنگیدانی زیاتر بە تازەکردنەوەی پرۆگرامەکانی خوێندنی زانکۆیی کە لەگەڵ ڕووداوەکانی سەردەمدا بگونجێت تا گەنجی زانکۆ لەدوای تەواوکردنی خوێندن وەك پیشە بەکاریبهێنێت.

٢- کردنەوەی شوێنە تەرفیهییەکان تایبەت بە گەنجان بە گشتی و گەنجانی زانکۆ بەتایبەتی تا بتوانن لەکاتی دەستبەتاڵیدا سوودی لێببینن و کاتی فەراغیان تیادا بەسەر بەرن.

٣- گۆڕانکاریی کردن لە ژینگەی زانکۆ هەر لەرووی بینا و شوێنی جێکەوتەی زانکۆ بۆ ئەوەی گەنجانی زانکۆ بە دەروونێکی جۆش و خرۆشەوە بتوانن تیایدا بمێننەوە و سەرنج ڕاکێش بێت بەلایانەوە.

٤- دەبێت زانکۆ بە تایبەتی و خوێندنی باڵا بە گشتی پلانی گونجاوی هەبێت بۆ چۆنیەتی سوود وەرگرتن لە توانا و وزەی گەنجانی زانکۆ لە ماوەی خوێندنی ئەکادیمی و لەدوای تەواوکردنی خوێندنیش.

٥- دابینکردنی پێداویستیە جەستەیی و دەروونی و کۆمەڵایەتییەکان خوێندکاران لەلایەن خێزان و دامەزاروەی خوێندنی باڵا و کۆمەڵگاوە بە گشتی.

٦- برەودان بە چالاکییە کۆمەڵایەتی و زانستییەکان بە سوود وەرگرتن لە ڕێکخراوە مەدەنییەکان تا گەنجی زانکۆ بتوانێت لە ڕێی ئەو چالاکییانەوە وزەو توانای خۆی پێشکەش بکات.

٧- ئەنجامدانی توێژینەوەی زانستی زیاتر لەسەر گەنجانی زانکۆ بەتایبەت سەبارەت بە کێشەکانی گەنجانی زانکۆ لە دامەزراوەکانی خوێندنی باڵا لەپێناو دۆزینەوەی ڕێگاچارەی گونجاو بۆ لانی کەم کەمکردنەوەی ئەو کێشانە.

٨- باشترکردنی ماف و ئیمتیازاتی ستافی زانکۆ بە گشتی و مامۆستایانی ئەکادیمی بە تایبەتی لەڕووی پڕکردنەوەی پێداویستییە ڕۆژانەییەکان. ئەمەش بە قازانج دەگەڕێتەوە بۆ شێوازی پێشکەشکردنی زانستی ئەکادیمی لەلایەن مامۆستایانەوە.

٩- پێویستی کردنەوەی سندوقێکی دارایی تایبەت لەلایەن دامەزراوەی خوێندنی باڵاوە بۆ پاڵپشتی کردنی مادی و مەعنەوی بۆ ئەو گەنجانەی کە توانای داهێنانیان هەیە و دەتوانن بەهرەکانیان بۆ سوودی کۆمەڵگا بەکاربهێنن.

١٠-هاندانی کاربەدەستانی وڵات بۆ زیاتر کردنەوەی بوار لەبەردەم گەنجانی زانکۆ تا بتوانن لەرێی بەهرە و تواناکانیانەوە بگەنە جومگەکانی دەسەڵاتی پەرلەمانی و جێبەجێکردن و دادوەری.

## سەرچاوەکان


١- ابوشعيره، خالد محمد (٢٠١٤). الاغتراب فى النسق التعليمى لدى الشباب الجامعى فى ضوء بعض المتغيرات: دراسة حالة ميدانية على عينة من طلبة كلية التربية. مجلة علوم التربية والنفسية. مجلد١٥. عدد ١. ص٢٤١-٢٧١. مركز النشر العلمى. جامعة البحرين. البحرين.

٢- الحقبانى، عبدالله بن فائز (٢٠١٠). مشكلات الشباب الجامعى وكيفية معالجتها: دراسة ميدانية فى جامعة دمشق. رسالة ماجستير غير منشورة فى علم الإجتماع. جامعة دمشق. https://ia801005.us.archive.org/10/items/ktp2019-tra15739/ktp2019-tra15739.pdf . تصفحت فى ٢٠٢١/٧/١.

٣- الزبيدى، نورس محمد عبدالحسن (٢٠١٨). الضغوط الإجتماعية وثقافة الإنتماء عند الشباب الجامعي في العراق: دراسة اجتماعية ميدانية في جامعة القادسية. رسالة ماجستير غير منشورة فى علم الإجتماع. جامعة القادسية. العراق.

٤- الشمرى،أسعد ويس (٢٠١٣) مشكلات الشباب الجامعي: دراسة ميدانية على عينة من طلبة جامعة سامراء. مجلة كلية التربية الأساسية، جامعة بابل. المجلد ٥. عدد ١٤. ص٣١٠ - ٣٢٨. https://www.researchgate.net/publication/337717354_mshklat_alshbab_aljamy . تصفحت فى ٢٠٢١/٧/٢.

٥- العرجان، جعفر فارس عبدالرحيم (٢٠٠٨). الشباب الجامعى ودوره فى التغيير. المؤتمر الثقافى الثانى. جامعة الأميرة سمية. عمان. الأردن. https://www.researchgate.net/publication/306058843_alshbab_aljamy_wdwrh_fy_altghyyr . تصفحت فى ٢٠٢١/٧/٧

٦- العمر، معن خليل (٢٠٢٠). علم إجتماع الشباب. بدون مكان الطبع. https://drmaanalomar.com/youth-social-science/ تصفحت فى ٢٠٢١/٧/١٠.

٧- تومي، الخنساء (بدون سنة النشر). دور الثقافة الجماهيرية في تشكيل هوية الشباب الجامعي: جامعة محمد خيضر بسكرة أنموذجا. أطروحة دكتورا غير منشورة. جامعة محمد خضير بسكرة.

٨- حنفي، أحمد (٢٠٠٣). مشكلات الشباب. دار التوزيع والنشر. القاهرة.

٩- عبدالحميد، راندا (٢٠٢٠). بحث حول المنهج الوصفى التحليلى. الصفحة الألكترونية المقال. https://mqaall.com/descriptive-analytical-method/ تصفحت فى ٢٠٢١/٩/١٤

١٠- علاونة، ربيعة (٢٠١٧). الإنتماء وعلاقته بتحقيق الذات لدى الطالب الجامعي. مجلة العلوم الانسانية و الإجتماعية. مجلد ٢. عدد ٣٠. جامعة محمد لمين دباغين سطيف. الجزائر.

١١- عمران، كامل (٢٠٠٠). وقت الفراغ في منظور طلبة جامعة دمشق. مجلة العلوم الإنسانية. جامعة منثوري. عدد ١٤. ص٥٥-٧٥

١٢- كنعان، أحمد على (٢٠٠٤). الشباب الجامعى و الهوية الثقافية فى ظل العولمة الجديدة: دراسة ميدانية على طلبة جامعة دمشق. كلية التربية. جامعة دمشق.

١٣- وفا (٢٠٢١). دور الشباب فى عملية التغيير المجتمعى. مركز الأنباء والمعلومات الفلسطينية وفا. فلسطين. https://info.wafa.ps/ar_page.aspx?id=3202 . تصفحت فى ٢٠٢١/٧/١٣


## سەرچاوە بیانیەکان


14- Britannica (2020). The Editors of Encyclopaedia. "University". Encyclopedia Britannica. https://www.britannica.com/topic/university. Accessed 24 July 2021.

15- Cambridge Dictionary (2021). Characteristic. https://dictionary.cambridge.org/dictionary/english/characteristic. Accessed 11 July 2021.

16- Collins Dictionary (2021). Academic Syudy. https://www.collinsdictionary.com/dictionary/english/academic-study#:~:text=Academic%20is%20used%20to%20describe,than%20practical%20or%20technical%20skills. Accessed 15 September 2021

17- Nilan, Pam (2017). Muslim Youth in the Diaspora: Challenging Extremism through Popular Culthure. Youth, Young Adulthood and Socity Series. Routledge. London

18- Muzenda, G., Ethelia, S (2013). Global Youth Culture. Greener Journal of Social Sciences ISSN: 2276-7800 Vol. 3 (3), pp. 128-132, March 2013. www.gjournals.org.128

19- Widdison, Harold. A. and Delaney, H. Richard (2008). Social Problems: Difinition, Theories, and Analysis. Social Problems 07/08. Editor: Kurt Finsterbusch. Thiry-Fifth Annual Edition. Contemporary Learning Series.

20- Zastrow, Charles (2014). Introduction to Social Work and Social Welfare: Empowering People. Empowring Series. 11th Edition.


## الخلاصة


تتكون المجتمعات من فئات مختلفة حسب الفئات العمرية والتى تنقسم بشكل عام الى مرحلة الطفولة والمراهقة و الفتوة والشيخوخة. فالمجتمع السليم هو ذلك المجتمع الذى يعرف كيف يتعامل مع كل فئة من هذه الفئات العمرية بشكل ترجع بالفائدة على المجتمع. إن كيفية هذا التعامل تعتمد بشكل كبير بمدى إحساس و معرفة المجتمع بالخصائص والمميزات كل فئة من الفئات على حدة. تركز هذا البحث على فئة الشباب، خاصة الشباب الجامعى، كون الباحث يتعامل مباشرة مع هذه الفئة العمرية فى الجامعة كأستاذ جامعى. لذا فإن الباحث أحس بمدى أهمية تعريف هذه الفئة العمرية فى الجامعة بالقارئ. البحث يسلط الضوء على خصائص ومميزات الشباب الجامعى بالوصف التحليلى وبعد ذلك يتطرق الى رغبات و بعض مشاكل التى يعانى منها الشباب الجامعى. وقد أحس الباحث بأهمية التطرق الى تأثيرات البيئة الجامعية على الشباب الجامعى. وينتهى البحث بالخاتمة وبعض التوصيات والمراجع المستفادة فى البحث.

Abstract:

Societies consist of different categories according to age groups, which are generally divided into childhood, adolescence, youth and old age. A proper society is the one that knows how to deal with each of these age groups. This depends on the extent of society's awareness and knowledge of the characteristics of each of the groups separately. This research focused on the youth category, especially university youth, as the researcher deals directly with this age group at the university as a teacher. The research sheds light on the characteristics of university youth with an analytical description and then addresses the desires and some problems that university youth suffer from. The researcher felt the importance of addressing the effects of the university environment on university youth. The research ends with a conclusion and some recommendations and references.

**Index Terms**: Charactristics, University Youth, University, Academic Study